KURDISTAN NET کوردستان نێت
www.kurdistannet.org

# سەرکەوتن تۆپی فووتباڵ نییە..!

مستەفا گەرمیانی-سوید

پاش 35 ساڵ دیکتاتۆری و ژێرکەوتنی سەدام وڕوخانی دەوڵەتی عێراقی سەرکەوتنێکی مەزن بووە،بۆ هاووڵاتییانی عێراق بە گشتی و شیعەی عێراق بە تایبەتی ! شیعەی عێراق کە زۆرینەیان عارەب زمانن توانیویانە سوودیێکی باش لە ژێرکەوتنی سەدام و ڕژێمەکەی ببینن،بەڵام بە داخەوە کورد نەک هەر سوودی لەم دەرفەتە دانسقە مێژووییە نەبینیوە،بەڵکوو وا خەریکە دەسکەوتەکانی سیانزە ساڵ دواى ڕاپەڕینیش دەکاتە قوربانی دامەزراندنەوەی عێراقی هیوا و ئاشتی!!دەسەلاتی سیاسی کورد لەم 20 مانگەی پاش ڕوخانی سەدام لە ژێر فشاری ئەمەریکادا، لە بەرەدەم سوونەی لاواز و شیعەی فێلبازدا ،پاشەکشەی کردووەو پشتیوانی لە ئاسایی ترین داخوازی هاووڵاتیانی خۆی کە بریتییە لە ڕیفراندۆم و مافی دیاریکردنی چارەنوس کە لە هەموو یاسا نێودەوڵەتییەکانیشدا پشتیوانی لێ کراوە،نەکردووە !ئایا دواى 20 مانگ بۆ کورد ئەمە ڕوون بووەتەوە؟ کە ئەمەریکا لە عێراقی عەرەبیدا گلۆڵەی لێژە وئێمەش نابێ لەڕێی خوا !هەر خەریکی پاراستن و چارەسەری کێشەی ئەمەریکا بین! بەڵکوو دەبێ دانو ستاندنیان لە گەڵدا بکەین ،هەروەها لە بەرامبەر حکوومەتە لەق ولۆقەکەی عەلاوی دا پێش ئەوەی لێمان ببێتە سەدام حوسەین! بڕیاری چارەنووسی خۆمان بدەین،سیاسەت ئەوە نیە،چاکە بکە و بیخە دەریاوە!! سیاسەت دان و ستاندنە !نەک یارمەتیدانی هاوپەیمانان !خۆ ئێمە ڕێکخراوی خێرخوازی نین !ئێمە نەتەوەی کوردین و وەکوو هەموو گەلانی دونیا داوای مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆمان دەکەین و پشتیوانی لە دەسەلاتی سیاسی کوردی خۆمان دەکەین-ئەگەر پشتیوانی لە دیاریکردنی چارەنووسمان بکەن !-بێشکچی ووتەنی:* خراپترین دەسەلاتی کوردی بۆ کوردستان لە باشترین دەسەلاتی داگیرکەران چاکترە *

له دوای ڕاپه ڕینه وه قۆناغی سه رمایه داری کوردی و کۆمپانیاکان له کوردستانی باشووردا ده ستی پێکردووه،به لام له جیاتی په رسه ندنی بیریی نه ته وه یی، بیری خێڵه کی و پاوانخوازی په ره ی سه ندووه ،ئه مه یه کێشه ی پارادۆکسی ده سه لاتی سیاسی کورد،نه ک بارودۆخی ئیقلیمی وجیهانی !ئه وه ی مێژووی جیهانی خوێندبێته وه ،ده زانێ که ده وله تی نه ته وه یی له سه رده می گه شه کردنی سه رمایه دا داده مه زرێ،به لام بێ بیریی نه ته وه یی ئه مه مه حاله !ئێستا حیزبه ده سه لاتداره کانی کوردستان ده بێ به خێراییه کی مووشه ک ئاسا به خۆیاندا بچنه وه و به په له ئاوڕ له داخوازییه کانی هاوولاتی کورد بده نه وه که ئه مڕۆ خۆی له بزوتنه وه ی ڕیفراندۆمدا ده بینێته وه،ئاوڕدانه وه له ڕۆفراندۆم هاوکات گه رانتی جه ماوه ریيه بۆ حکوومه تی یه کگرتووی ئاینده ی کوردستان !فشاره بۆ سه ر ئه مه ریکا وحکوومه تی عه لاوی و پاش عه لاوی ؟ هه روه ها تێگه یاندنی جیهانه له کێشه ی نه ته وایه تی کورد !! ئه و کاته ی که داخوازیمان هه بێ هه موو لایه ک حیسابمان له گه لدا ده که ن،ده نا به م ڕێبازه ی ئێستا گیراوه ته به ر،نه ک هه ر ئه مه ریکا، ده وله ته - ئیقلیمییه کان، به لکوو،ته نانه ت عه لاوی و یاوه ر-ه کانی ؟ حیسابمان بۆ ناکه ن ؟ بۆ نموونه له په یڕه وی نه کردنی برگه ی 58-دا سه باره ت ئاساییکردنه وه ی بارودۆخی که رکووک ....

ئێمه له کوردستانی باشووردا به هه ر هۆکارێک-ئه گه ر بووینه ده وله ت- ئه وسا تورکیا وسوریا وئێران نه ک هه ر هه ڕه شه مان لێ ناکه ن ،به لکوو پاکانه له به رده م ده وله تی کوردی دا ده که ن،بۆ ئه وه ی ئێمه ده خاله ت له ئارامیی ناوخۆیی ئه واندا له ڕێگه ی کوردستانی یه کپارچه وه ؟-له ڕووی جوگرافیاوه- نه که ین ؟ له ڕاستیدا ده ربڕینی مه ترسی دامه زراندنی ده وله تی کوردستان له پاش ڕوخانی سه دامه وه و لایه ن حکوومه ت و ده زگا-ڕاگه یاندنه کانی داگیرکه رانی کوردستان،به تایبه تی ڕاگه یاندنه کانی عه ره بی و تورکی نیشانه ی ئه وه ن که یه که م:هه ل و مه رجی ناوخۆیی ئیقلیمی و جیهانی له باره بۆ دامه زراندنی ده وله تی کوردستان.دووه م:له به ر ئه و گۆڕانکارییانه ی پاش ڕووخانی عێراق داگیرکردنی له لایه ن ئه مه ریکاوه وکارتێکردنی ئه م گۆڕانکارییه له سه ر سوریا و تورکیا و ئێران، ئه وان نیگه رانن وهیوابڕاوبوون

لەوەی پاش هاتنی ئەمەریکا –ئیتر بتوانن یان بوێرن باشووری کوردستان داگیر بکەن.
خۆ ئەگەر وەکوو سەدام کوەیتی لە 1990-دا داگیرکرد،ڕیسکی داگیرکردنمان بکەن، ئەوا وەکوو دەوڵەتی کوردستان داگیربکرێین چاکترە،تاکوو لە شێوەی نەتەوەی بن دەستدا داگیرمان بکەن، بۆچی...؟

یاسا ناسان ئەوە باش دەزانن کە یاسا نێودەوڵەتییەکان پشتگیریی لە پا راستنی قەواری دەوڵەت دەکەن ،نەک نەتەوە بندەستەکان، نموونەی تازە لە مێژووی جیهاندا داگیرکردنی قوبرس لە لایەن تورکیاوە و کوەیت لە لایەن عێراقەوەیە..

-لە ڕاستیشدا، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ،دەبووایە نێوی ڕێکخراوی دەوڵەتە یەکگرتووەکان؟؟ بوایە..چونکە زیاتر کار بۆ دەوڵەتەکان دەکات،نەک نەتەوەکان.پرۆسەی بە ناو دیموکراتیکردنی عێراق ،تەنیا لە بەرژەوەندی عەرەبی شیعەی عێراقە،چونکە ئەوان هەردەم عێراقیان هەبووە،بەلام دەسەلاتیان نەبووە،کورد بە پێچەوانەوە لە کوردستاندا سیانزە ساڵ زیاترە دەسەلاتی هەبووە،بەلام دەوڵەتی نەبووە،کەواتە دەبێ ئامانجەکانی شیعەو کورد لە فیدرالیزمێکدا کە کورد هەرخۆی ، بۆخۆی دەیلێ ودەیبیستێ و بانگەشەی بۆ دەکات، یەک نەگرێتەوە ؟؟ بۆیە دەسەلاتی سیاسی کورد ،دەبێ لە گەڵ مێژووی ئایندەی کوردستان و عێراقدا پێشبرکێی کات بکات وپێش ئەوەی دەوڵەتی داهاتووی عێراق لەباری سیاسی و عەسکەرییەوەخۆی بگرێتەوە،کورد چارەنووسی خۆی لەجیهان و کوردستاندا دیار وئاشکرا بکات،هەروەکوو پەندەکوردییەکە دەلێ:

کات،نەیبڕی..ئەتبڕێت؟ لە ڕاستیدا پاش ڕوخانی سەدام،لەدایکبوونی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم تاقانە دەسکەوتی جەماوەری وحیزبە کوردستانییەکان وهەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی باشووری کوردستانە؟کۆکردنەوەی زیاتر لە دوو ملیۆن ئیمزاوپێش ئەوەی مێژووۆکەی کۆتایی بێ، پێویستە لە لایەن دەسەلاتی سیاسی کوەردەوە ،هەرچی زووتر بخرێتە بواری پراکتیکەوە،بۆ ئەوەی لە داهاتوودا نەلێن

-ئەمیشمان چوو،ئەویشمان چوو!!ڕیفراندۆم هەم دیموکراسییەتە و هەم سەرکەوتنە ! بەڵام سەرکەوتن ،تۆپی فووتباڵ نییە،کە تا ماندوودەبین بە دوایدا ڕابکەین و کە پێی گەیشتین،بە هەموو تواناوە شەقێکی تێ هەڵدەین..!!!!!